ڕێساکانی نیشتەجێبوون لە ئێسپۆن کروونو
(باڵەخانەکان)

ئەم ڕێسایانە دانراون بۆ مەبەستی دابینکردنی خۆشگوزەرانی ژیانی دانیشتوانی خانووەکە و هێمنی خانووەکە. هەمووان دەبێ بە هەڵسوکەوتەکانیان تێبینی دانیشتوانەکانی تری خانووەکە بکەن. هەروەها دانیشتوانەکان دەبێ ئاگاداری ئەوەبن، کە میوانەکانیشیان پەیڕەوی ڕێساکان بکەن.

ڕاگەیاندنی گواستنەوە

بەپێی یاسا گواستنەوە بۆ خانوەکە یان دەرچوون لێی دەبێت هەمیشە ڕابگەیێنرێت بە فەرمانبەرایەتی تۆمارکردنی دانیشتوان (مایستراتی) وە بە بەشی خزمەتکردن بە دانیشتوان لە کۆمپانیای خانووەکان بۆ مەبەستی جێبەجێکردنی کارگێڕی ناوخۆی ئێسپۆن کروونو.

شوێنە هاوبەشەکان

دەرگاکانی شوێنە هاوبەشەکان دەبێ داخراوبن لە کاتژمێر 21 بۆ 7 وە لەدوای بەکارهێنانیان دەبێت ئاگاداری ئەوەبیت کە دابخرێنەوە. لە شوێنە هاوبەشەکاندا دەبێت بە بێدەنگی بجوڵێیتەوە، وە لەوێبوون بەبێ هوودە وە جگەرەکێشان تیایاندا قەدەغەیە. سەرەڕێکانی هاتووچۆ لە شوێنە هاوبەشەکان و ناوچەکانی دەرەوە دەبێ بە پاکوتەمیزی وە بە چۆڵی ڕابگیرێن. لە بەر هۆکارەکانی پاراستن لە ئاگرکەوتنەوە کەلوپەلەکان تەنها لەو شوێنانەدا هەڵدەگیرێن کە بۆیان تەرخانکراون. تەنها بە مۆڵەتی کۆمپانیای خانووەکان ڕێگە دەدرێت بە هەڵواسینی تابلۆی ناو، ڕیکلام وە دانانی سەتەنلایت.

ژوورەکانی جلشتن

کاتی بەکارهێنانی ژووری جلشتن لە کاتژمێر 9 بۆ 21 بەپێی لیستی کاتگرتن بۆ جلشتن. لە دوای تەواببوونی جلشتن دەبێت ژووری جلشتن بە پاکوتەمیزی بەجێبهێلیت وە ئاگاداربیت کە تەزوی کارەبی جلشۆرەکان بکوژێنیتەوە لە دوای بەکارهێنانیان. شتنی فەرش لە ئامێرەکانی جلشتندا قەدەغەیە. دەبێت دەست وبرد جلەکان لە دوای وشکبوونەوەیان کۆبکرێنەوە وە ببرێنە دەرەوە لە ژووری جلشتن.

زبڵ فرێدان

زبڵی پاشەڕۆی ماڵ و زبڵی تر بە پێچراوەیی دەبرێن بۆ زبڵدانەکان بەڕەچاوکردنی ئەو ڕێنماییانەی کە هەن لەبارەی جیاکردنەوەی جۆری زبڵەکان. بێجگە لە زبڵی پاشەڕۆی ماڵ، هەندێ کەلوپەلی ناوماڵ کە بۆ فرێدانە بۆ نموونە (موبێلەی ماڵ) ئەرکی دانیشتوان خۆیەتی، کە بیان گوێزێتەوە و فرێیان بدات. ئەو زبڵانەی کە مەترسی گیروگرفت لێکەوتنەوەیان هەیە وەک شووشە، پیل، ئامرازی ئەلکترۆنی و شتی تر لەم بابەتانە دەبرێن بۆ ئەو شوێنانەی کە بەڕێوبەرایەتی کاری هاوبەش بۆ خزمەتکردنی پایتەخت و دەوروبەری(YTV) تەرخانیکردوون.

شوێنەکانی ڕاگرتنی ئوتومبیل

تەنها لەو شوێنانەدا دەتوانرێت ئوتومبیل ڕابگیرێت کە بۆیان دەستنیشانکراوە و بۆیان گیراوە. ئیشپێکردنی ئوتومبیل لەسەر بۆش و بەجێهێشتنی قەدەغەیە. بەجێهێشتنی ئوتومبیلی سکراب و پارچەی ئوتومبیل لە پارکیرەکان ئەبێتە هۆی ئەوەی، کە خاوەنەکەی بەرپرسیاربێت لە دانی پارەکەی.

خانووەکانی باڵەخانە

هەڵسوکەوتکردن بە شێوەیەک کە دراوسێکان بێزار بکات قەدەغەیە. لە کاتژمێر 22 بۆ 7 دەبێت هێمنی بدرێت بە دراوسێکان بۆ نووستن. دەبێت پێشتر ئاگەداری ڕابگەیەنرێت لە بارەی ئەو کاری چاکردنەوانەی کە بە مۆڵەتی کۆمپانیای خانووەکان دەیکەیت وە دەبێتە هۆی بێزارکردن و دەنگەدەنگ، وە دەبێت هەوڵبدرێت، کە ئەم کارانە ڕۆژانی کار پێش کاتژمێر 21 ئەنجام بدرێن. دەبێت بە گرنگیەوە خزمەتی خانووەکەت بکەیت. دەبێت دەستوبرد بە کۆمپانیای خانووەکان بەشی چاکردنەوە ڕابگەیێنیت لە بارەی زەرەرکەوتنەوە بە هۆی دڵۆپەکردنی ئاوەوە یان خراپوونی هەچ شتێکی تر چ لە خانووەکەی خۆتدا یان لە شوێنە هاوبەشەکاندا. نابێت زبڵ فرێبدرێتە تەوالێتەکان و ئاوەڕۆکانەوە، چوونکە دەبێتە هۆی گیران و زەرەرپێگەیاندنیان.

باڵکۆنەکان

تەکاندنی فەرش و جێگە لە باڵکۆن قەدەغەیە، تەنها لەو شوێنانەدا دەتوانرێن بتەکێنرێن کە بۆیان تەرخانکراون لە ڕۆژانی دووشەممان بۆ هەینی لە کاتژمێر 8 بۆ 20 وە لە ڕۆژانی شەممان لە کاتژمێر 8 بۆ 18، لە ڕۆژە پیرۆزەکاندا قەدەغەیە. لە باڵکۆن لە و شوێنەی کە بۆی تەرخانکراوە دەتوانرێت سەرچەفەکان بدرێنە بەر هەوا یان پارچە جلی بچووکی شۆراو وشکبکرێنەوە. بێگومان شت برژان لە باڵکۆن قەدەغەیە جگە لەمەش هەروەها خۆراکدان بە باڵندە وسمۆرە قەدەغەیە.

ئاژەڵە ماڵیەکان

لە دەرەوەی خانووەکان دەبێ ئاژەڵەکان بەستراوەبن وە نابێ بەڕەڵابکرێن وە هەروەها نابێ ببنە هۆی بێزارکردنی دانیشتوانەکانی تری خانووەکە. بردنەدەرەوەی ئاژەڵەکان بۆ حەوشە بۆ ئەو شوێنانەی کە بۆ یاریکردنی منداڵان تەرخانکراون یان بۆ نزیک ئەو شوێنانە قەدەغەیە.

سەرپێچیکردنی لە ڕێساکان

سەرپێچیکردن لە ڕێساکانی نیشتەجێبوون دەبێتە هۆی ئەوەی کە بەرپرسیاربیت لە بژاردنەوەی زەرەرەکان، کۆتایی هێنان بە مافی ژیان لەو خانووەدا و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی گرێبەستی خانووەکە